## 1. پێشەکی

مۆنتاژ لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدا، وڵاتانی پیشکەوتوو سودی زۆریان لە مۆنتاژ وەرگرت بە تایبەتی لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی فیلی سینمایی، چونکە سەرەتا مۆنتاژ لە سینمادا پەیدا بوو دواتر تەلەڤزیۆنەکان سوودیان لێ وەرگرت، هونەری مۆنتاژ هۆکارێک بوو بۆ بەیەک بەستنەوەی وێنە و گرتەکان بە تایبەتی کورتە فیلمە ڕەش و سپییە بێ دەنگەکان بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی پەیامی فیلمەکان بگەیەنن، گرنگی کرداری مۆنتاژ بەتەنها لە ناو فیلمدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو یەکێکە لە کارە هەرە سەرەکیەکانی ناوکاری میدیا بە تایبەتی لە بواری تەلەڤزیۆنیدا، چونکە لە یەک کاتدا دەتوانێت وێنە جوڵاوەکان جوان بکات یاخود بیانشێوێنێت، ئەمە بە پێی سیاسەتی دەزگاکە بڕیاری لەسەر دەدرێت، هیچ وێنە ڤیدیۆیەک کە جگە لە وێنەی زیندو بەبێ مۆنتاژ بۆ پەخش دەرناچێت، مۆنتاژ هونەرێک نیە تەنها ڕیزکردنی گرتەکان بێت، بەڵکو هەندێک جار دەوری پاسەوانی دەرگاش دەبینێت لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، چونکە هەموو ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی کە شیاو نەبن بۆ بڵاوکردنەوە لادەبرێن و هەوڵ دەدرێت جوانترینەکان نیشان بدرێت، کە ئەمە هەموو ئەو کارانە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت مۆنتێر، کە بە بڕیاری دەرهێنەر ئەنجامی دەدات، کەسی مۆنتێر تاوەکو باگکراوندێکی باش و خاوەن پلەیەکی زانستی ئەکادیمی باشی هەبێت، ئەوا ئەم پرۆژەیەی کاری لەسەر دەکات رەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر بینەر و لەو ڕێگەیەوە پەیامی ناوەڕۆکەکەی بە تەواوی دەگات بە وەرگر .

بەشی مۆنتاژ لە هەر دامەزراوەیەکی میدیایی شوێن و کەسی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا کە جیهان پێشکەوتنی بەخۆوەی بینیوە لە ڕووی تەکنۆلۆژیاوە، لەگەڵ گۆڕینی سیستەمی تەلەڤزیۆنی بۆ سیستەمی دیجیتاڵی و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆندا، کە لە ئەنجامدا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە هەموو میکانیزم و تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی وێنە و دەنگ و مۆنتاژ و ئامێر و ئامێرە جۆراوجۆرەکاندا ڕوویدا ئەمە وایکردووە تەکنیکی مۆنتاژیش لە ڕووی ئەم پێشکەوتنەی تەکنۆلۆژیاوە گرنگی تەواوی پێ بدرێ، چونکە مۆنتاژ پەیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ پێشەکەوتنی ئامارازەکانی میدیا بەتایبەتی تەلەڤزیۆن.

لە هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی لە پاش ساڵانی (2000)ەوە کاتێک دەزگاکانی میدیا کوردیەکان چوونە نێو مانگە دەستکردەکانەوە، ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاش بەرەو پێش چوو، پێویست بوو جگە لە پەخشکردنی بەرنامە سیاسییەکان گرنگی بە بەرهەمهێنانی بەرنامە هەمەڕەنگ و جۆربەجۆرەکانیش بدەن، کە ئەمەش پێویستی بە گرنگیدانێکی تەواو هەبوو بە پرۆسەی مۆنتاژکردن، چونکە هەوڵیان داوە لە ڕێگەی نیشاندانێکی جوانەوە ناوەڕۆک و پەیامی بەرنامەکان بە تەواوی بگەینن بە بینەر.

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (شێوازەکانی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان) پێشکەش کراوە، توێژینەوەیەکی وەسفی یە، لە گرنگترین ئامانجەکانی بریتییە لە زانینی ئەو شێوازو هونەرییانەیە کە لە بەرهەم هێنانی بەرنامە دۆکیۆمینتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوار K24ە، لەم توێژینەوەدا توێژەر میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بەو پێیەی کە ئەم میتۆدە گونجاوە لەگەڵ ئەو ئامانجەی هەیەتی لەم توێژینەوەیە.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:

### 1. کێشەی توێژینەوە

مونتاژ بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە سینەماو تەلەفزیۆندا، هەروەها ئەم پرۆسەیە رۆڵێکی بەرچاو و گرنگی هەیە بۆ گەیاندن و دەرخستنی ئەو پەیامەی کەدەمانەوێت لەرێگەی ژانەرەکانی تەلەڤزیۆنەوە بیگەیەنینە وەرگرەکان، کارتێکەریش هۆکارێکی کاریگەری مۆنتاژە لەزیاتر گەیاندنی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە.

بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری یەکێکە لەجۆرەکانی بەرنامە کە بەشێك لە کەناڵە ئاسمانییەکان پشکی شێریان پێداوەو ڕووبەرێکی فراوانیان بۆ تەرخانکردووە لە ناو لیستی بەرنامەکانیاندا، بەشێوەیەك کە گرنگی و پێویستی ئەم جۆرە بەرنامەیە وایکردووە هەندێك لەکەناڵەکان تایبەتمەندبوون لەبەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، هەستکردنیشم بەم بەهاو گرنگییەی ئەم جۆرە بەرنامەیە پاڵنەرێکی سەرەکیم بووە بۆ ئەوەی بیکەم بەبابەتی توێژینەوەکەم و بەشێوەیەکی زانستییانە لێی بکۆڵمەوە.

لێرەدا ڕووخسارەکانی پرسیاری کێشەی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت، کە ئایا شێوازەکانی مۆنتاژ لەبەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵە ئاسمانیە کوردییەکان چین؟

### 2. پرسیارەکانی توێژینەوە:

توێژەر کۆمەڵێك پرسیار دەورژێنێت بۆ ئەوەی لە توێژینەوەکەیدا بتوانێ وەڵامیان بداتەوە، گرنگترین پرسیارەکانیش ئەمانەن:

1. گرنگترین ئەو شێوازانەی مۆنتاژ لەبەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوار K24 چین؟
2. گرنگترین شێوازەکانی بەرنامەی دۆکیومێنتاری کە کەناڵی کوردستان بیست و چوار K24 گرنگیان پێدەدەن چین؟
3. دیاریکردنی ئەو کارتێکەرە ڤیدیۆییانەی کە بەکاردێن لە بەرهەمهێنانی بەرنامە دۆکیۆمینتارییەکان لە کەناڵی کوردستان بیست و چوار K24.
4. دیاریکردنی ئەو کارتێکەرە ڤیدیۆیانەی کە کەناڵی کوردستان بیست و چوار K24 بەکاریان دەهێنێ لە پرۆسەی مۆنتاژ لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکانی دۆکیۆمێنتاری.

### 5. ئامانجەکانی توێژینەوە:

دەتوانین ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەداچڕ بکەینەوە:

1. دەرخستنی بایەخ و ڕۆڵی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیومنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان بیست و چوار K24 دا.
2. خستنەڕووی واقیعی پرۆسەی مۆنتاژ لە بەرنامە دۆکیومنتارییەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردستان بیست و چوار K24 دا.
3. خستنە ڕووی زانیاری لە ڕووی جۆری بابەتی بەرنامە دۆکیۆمنتارییەکانی کەناڵی کوردستان بیست و چوار K24 دا.
4. دەرخستنی شێوازەکانی بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردستان24 دا.

1. Demonstrating the importance and role of editing in documentary programs of Kurdistan TV 24 K2
2. Presenting the reality of the editing process in documentary programs of Kurdistan TV 24 K2
3. Presenting information in terms of the type of documentary programs of Kurdistan 24 K24.
4. Demonstrating the methods of documentary programs of Kurdistan24.

**The most important findings of this study are:**

1. Kurdistan 24 K24 has generally relied on participatory mode and reflexive mode in producing its documentary programs.
2. Kurdistan 24 K24 has paid more attention to continuity editing and tonal editing in the production of documentaries.

**Keywords: Montage, style, documentary program, satellite channels**

25-Aufderheide, Patricia. 2007. Documentary film. New York: Oxford University press.

26-Das, Trisha. 2018. How Write A Doumentary Script "Documentary Film. WWW. Britannica.Com.

27-Nichols, Bill. 2001. Introduction to Documentary. USA ,Indiana University Press - Bloomington and Indianapolis.

28-Sheila, Bernard،. 2011. Documentary Storytelling. Berlin.

## Montage styles in the documentary program of Kurdish satellite channels (Kurdistan 24) as an example

**Shawen Nawzad RafeeQ**

Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

shawen.rafeeq@epu.edu.iq

**A.P D. Dler Ahmad Hama**

Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

dler.hama@epu.edu.iq

Abstract:

This research is entitled **(Montage styles in Documentary Programs of Kurdish satellite channels**) (Kurdistan24). For example, this research is descriptive research, which is appropriate to the research method, to obtain data and information The research community is Kurdistan24 The sample of this study includes all documentary programs of Kurdistan Twenty-Four (K24), which number (12) programs in a comprehensive manner (exclusively) received during the three months from 2022/1/1 to 2022/4/1

**The importance of this study is:**

1. It is also an academic attempt to explain the relationship and interaction between editing and documentary programming.
2. An attempt to understand how the editing of documentaries on Kurdish television channels affects production.

**The most important objectives of this study are:**